## باسی یەکەم

## سیستمی سیاسی: چەمك ، تایبەتمەندی ، ئەرك و قەیرانەکان

### داواکراوی یەکەم

### چوارچێوەی چەمککاری سیستەمی سەیاسی وگرنگترین تایبەتمەندیەکانی (الإطار المفاهيمي للنظام السياسي وأهم خصائصه)

**لقی یەکەم/ مانای زاراوەی سیستەم+ سیاسی (معنى مصطلحي النظام + السياسي):**

سیستەم: بریتیە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی کارلێکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاری کراو. بەڵام سیستەم وەکو ( سیستەمی سیاسی) ئامانجی دروستکردنی بڕیاری سیاسیە لە کۆمەڵگادا.

یەکەم/ مانای سیاسەت:

کارێکی زەحمەتە بتوانی پێناسەیەکی پڕاوپڕ بۆ (سیاسەت) دیاری بکەین گەر سەرجەم زانایان لەسەر ئەو بیرۆکەیە هاوڕا بن کە : سیاسەت بەر لە هەموو شتێک چالاکیەکی مرۆییە و پەیوەستە بە سروشتی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەوە، ئەوا سەبارەت بە دیاری کردنی ئەو سیفەتەی کە لە جەوهەری چالاکی سیاسەت لەسەرجەم چالاکیە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانی تر جیا دەکاتەوە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

١ـ پێناسە تەقلیدیەکانی سیاسەت :

( فەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسا) دەڵێت سیاسەت (politique) بریتیە لە: هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە فەرمانڕەوایی کردنی (حکومکردنی) دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی دەوڵەتەوە. هەروەها واتای کاروبارە گشتیەکان و ڕووداوە سیاسیەکان و گفتوگۆکردن بە سیاسەت و سیاسەتی ناوەخۆیی دەوڵەتیش دەگەیەنێت.

هەروەها (فەرهەنگی لیتریە) لە ساڵی ١٨٧٠ دا . وا پێناسەی (سیاسەت) دەکات کە بریتیە لە" زانستی حکومکردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر".

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوەشدا. هەندێک لە زانایان لایەنگری پێناسە تەقلیدیەکانن. دەخوازێت ( پێناسەی سیاسەت) بە چالاکی حکومکردنی دەوڵەت بریتیە لە: ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە ڕێگای دەرکردنی چەند فەرمان و بڕیار و یاساییەکەوە، لە پێناو یەکخستنی بەرژەوەندیە جیاوازیەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراستنی سەقامگری کۆمەڵگا ئینجا بەدیهێنانی ( بەرژەوەندی وفێری گشتی) هەموو کۆمەڵگا.

هەموو ئەو چالاکیانەش واتە: ڕێکخستنی کۆمەڵگا و یەکخستنی بەرژەوەندیەکان و پاراستنی سەقامگری و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لەلایەک واتای چالاکی( سیاسەت) بەرجەستە دەکات و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو بەرهەمدێنن کە پێی دەگوترێ ( دەوڵەت).

٢ـ پێناسە نوێیەکانی سیاسەت:

ـ ( هارۆڵد لاسوێل، ئەبراهام کاپلان ) دەڵێن" کاری سیاسەت هەر کارێکە کە لە دیدگای دەسەڵات (یان هێز) ەوە ئەنجام بدرێت"

ـ هەروەها (د. بطرس بطرس غالي ، د.محمد خيري عيسى ) لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت" سیاسەت هەر شتێکە کە پەیوەندی هەبێت بە پیادەکردنی دەسەڵات و ململانێ لەسەرکردن و بەدەستهێنان و بە کارهێنانی دەسەڵاتەوە "

بەڕای هەندیکی تر لە زانایان کە لایەنگری پێناسە نوێیەکانن ، وتەیەکی ڕاستە کە بڵێین سیاسەت چالاکیەکە مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگا ئەنجامی دەدات بەڵام ئەم چالاکیە هەموو جارێک لە چوارچێوەی ( حکومکردنی دەوڵەت) و لە پێناو ( بەرژەوەندی گشتی ) ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لە چەندین گرووپ و کۆمەڵەی جیاجیایی ( نەتەوەیی و ئاین و فکری و ئابووری و پیشەیی... هتد)

پێکدێت. هەریەک لەم گرووپ و کۆمەڵانەش بەرژەوەندی جیاجیایان هەیە بۆ هەر یەکەیان هەوڵدەدات بەرژەوەندیەکانی خۆی بێنێتە دی.
لەم پێناوەشدا ئەم گرووپ و کۆمەڵانە ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن و هێز و دەسەڵاتیان لە بەرامبەر یەکتر بەکار دەهێنن. تاکوو لە ململانێکەدا بەسەر یەکتردا سەردەکەون. هەموو ئەم چالاکیانەش پێیان دەوترێ ( سیاسەت).

**لقی دووەم/ مانای سیستەمی سیاسی ( نطاق معنى النضام السياسى):**

دوو ئاراستە هەیە بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی سیستەمی سیاسی :-

١- سیستەمی سیاسی بە مانای بەرتەسک (المعنى الضيق): ئەم ئاراستەیە سیستەمی سیاسی تەنها دەبەستێتەوە بە دەوڵەت و کاروبارەکانی دەوڵەت. واتە سیستەمی سیاسی تەنها لە ئەگەری هەبوونی دەوڵەت بوومی دەبێت. لە کاتێکدا دیاردەی دەوڵەت دروستبوونی دەوڵەت سەبارەت بە هەبوونی سیاسەت ( سیستەمی سیاسی) بابەتێکی نوێیە.
٢- سیستەمی سیاسی بە مانای فراوان( المعنى الواسع):- ئەم ئاراستەیە پێی وایە کە بەڵێ دەوڵەت بابەتی سەرەکی سیستەمی سیاسیە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا تاکە بابەتی سیستەمی سیاسی نیە. بۆیە ناکرێت لە کۆمەڵگادا ڕەچاوی ڕۆڵی( سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیستەمی ئابووری ...هتد ) نەکرێت. بۆیە لە ڕوانگەی ئاراستەی دووەم هەموو سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگە هەیە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە. وە لە پەیوەندی و وەڵامدانەوەی یەکترن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر یەکتری دادەنێت.

**لقی سێیەم/ پێناسەی سیستەمی سیاسی (تعريف النظام السياسي):**

١- ڕۆبەرت داڵ: سیستەمی سیاسی بریتیە لە پێکهێنانێکی بەردەوام بۆ پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە هێز (القوة) وە فەرمانڕەوایی (الحكم) وە دەسەڵات(السلطه) دا دەبینێتەوە.
٢- هارۆڵد لاسویڵ :- سیستەمی سیاسی بریتیە لە هەژمونێک (نفوزيك) کە بنیاتنرابێت لەسەر چەمکی هێزی ڕاڤە کراو بە سزایەکی چاوەڕوان نەکراو.
٣- گابرێڵ ئەڵمۆند: - سیستەمی سیاسی بریتیە لە سیستەمی ئەو کارلێکانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن وە پەیوەندی دارن بە هەردوو ئەرکی خۆ گونجاندن ( التكيف) وە یەکتری تەواوکردن (التكامل) لە هەردوو ئاستی ناوەخۆو دەرەوەدا. لە ڕێگای بەکارهێنانی کردارەکانی هێزی ماددی ( یاسایی) یان هەڕەشە کردن بە بەکارهێنانی هێزی ماددی (یاسایی).
٤- دەیڤد ئیستن:- سیستەمی سیاسی بریتیە لە سیستەمی ئەو کارلێکانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن و لەو ڕێگایانەوە بەرووبومە دەگمەنەکان (بەهاکان) بە شێوەیەکی دەسەڵات خوازی دابەش دەکرێن.

**لقی چوارەم/ تایبەتمەندیەکانی ( جیاکەرەوەکانی) سیستەمی سیاسی (خصائص النظام السياسي):**

سیستەمی سیاسی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیە لە گرینگترینیان دا:-
١:- باڵایی سیستەمی سیاسی( العلويه - السمو) :- سیستەمی سیاسی خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە. وە بڕیارەکانی سیفەتێکی جێبەجێکاریان ( الالتزامي) هەیە بۆ کۆمەڵگا.
٢:- سیستەمی سیاسی سەربەخۆیەکی ڕێژەیی هەیە ( استقلال ذات النسبي).
٣:- سیستەمی سیاسی چالاکترین سیستەمی ناو کۆمەڵگایە.( الفاعليه).
٤:- سیستەمی سیاسی کارلێک لەگەڵ سیستەمەکانی تر دروست دەکات. ( التفاعل).

## داواکراوی دووەم
## ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی و ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە
## (مهام النظم السياسية والأزمات التي تواجهها)

**لقی یەکەم/ دیارترین ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی (المهام الاساسية للنظم السياسية):**

١ـ لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە:
سیستەمی سیاسی میکانیزمێکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و چەسپاندنی یاسا و سیستەم.
سیستەمی سیاسی بەشێکی پێکهاتووە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا وەکو:
دامەزراوە ڕەسمیەکان ( پەرلەمان ـ حکومەت ـ دادوەری)
دامەزراوە نا ڕەسمیەکان ( پارتی سیاسی ـ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ـ گرووپەکانی فشار ).
ئەم دامەزراوانە بە تایبەت داامەزراوە ڕەسمیەکان لەبەر ئەوەی هێزی باڵای ناو کۆمەڵگان ئەرکی پاراستنی کۆمەڵگا وچارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی و یاسا پارێزراو بێت. واتە پەرلەمانێک هەبێت یاسا بۆ وڵات دەربکات . وە حکومەتێک هەبێت بە گوێرەی یاسا وڵات ببات بەڕێوە و یاساکان جیبەجێ بکات. دەسەڵاتێکی دادوەریش هەبێت کێشەکانی نێوان هاوڵاتیان چارەسەر بکات.
پارتی سیاسیش بۆ دەستاو دەست کردنی دەسەڵات و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن وە ڕێکخراوەکانیش خەڵکی هۆشیار بکەنەوە و ژیانی سیستەمە سیاسیەکان کە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێک و وە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەک گۆڕانی بەسەردا دێت.
٢ـ لەڕووی ئابووریەوە:
سیستەمی سیاسی میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی داهات و دووبارە دابەشکردنەوەی بەسەر خەڵکدا.ئەم ئەرکەی سیستەمی سیاسی وەکو هەموو ئەرکەکانی تری سیستەمی سیاسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر گۆڕانی بەسەدا دێت.
بۆ نمونە ئەرکی ئابووری سیستەمی سیاسی لە سیستەمی (ئیشتراکی) دا جیاوازە لە ئەرکی ئابووری سیستەمی سیاسی لە سیستەمی (لیبرالی) دا یاخود ئیسلامیدا.
لە سیستەمی ئیشتراکیدا خاوەنداریەتی تاک ( تایبەتی) بوونی نیە بەڵکو بنەماکانی بەرهەمهێنان (زەوی ـ کار ـ سەرمایە ـ ڕێکخستن) موڵکی دەوڵەتە و دەوڵەت دەیبات بەڕێوە. بەڵام لە سیستەمی لیبرالیدا بە پێچەوانەیە. دەوڵەت تەنها چاودێری بازاڕ دەکات ، بەڵکو بازاڕ خۆی خۆی ڕێکدەخات و دیاری دەکات، لە سیستەمی ئیسلامیشدا دەتوانین بڵێین سیستەمی ئابوری دەکەوێتە ناوەندی ڕوانگەی هەردوو سیستەمی سۆشیالیستی و سەرمایەداری، بەوەی کە دان بە موڵکایەتی تایبەت دەنێت و لە لایەکی تریشەوە دەست تێوەردان لە بازار دەکات لە ڕێگەی سەپاندنی زەکات و سەرپەرشتی کردنو بواری ئابووریەوە.
٣ـ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە:
دەوڵەت (سیستەمی سیاسی) میکانیزمێکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی (التغير الاجتماعي) لە خراپەوە بۆ باش لە دواکەوتوییەوە بۆ پێشکەوتوو، لە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان ( پەروەردە ، تەندروستی ، کەلتوری ، جێندەر ، یەکسانی ژن و پیاو ...هتد).
بۆ نمونە ئەگەر لایەنێک وەربگرین وەک پەروەردە . ئەرکی حکومەتە و ئەرکی سیستەمی سیاسیە کە کە لەڕووی جۆری (نوعي) بەرەو پێسیان ببات و پلانی تۆکمە و ستراتیژی دابنێت بۆ ئەم مەبەستە. تاکو پەروەردەیەکی باش و تاکێکی باش دروستبێت. کە لەدەرەنجامدا کۆمەڵگایەکی باش و پێشکەوتوو دروست دەبێت و سیستەمی سیاسی و جێگری و سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت.

**لقی دووەم: ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی سیستەمی سیاسی دەبنەوە(الأزمات التي تواجه النظم السياسية):**

کاتێک سیستەمی سیاسی ئەرکەکانی جێبەجێدەکات ڕووبەڕووی هەندێک قەیران و گیروگرفت دەبێتەوە. کە ئەم گیروگرفتانە دیاری کراو نین بۆ تەنها سیستەمێک بەڵکوو هەموو سیستەمەکان ڕووبەڕووی قەیران دەبنەوە سیستەمی پێشکەوتو دەبێت (بزانێت ـ بتوانێت ـ بیەوێت) قەیرانەکان چارەسەر بکات ئەگینا بە سیستەمێکی پێشکەوتوو و تۆکمە دانادرێت کەواتە سیستەمی سیاسی دەبێت (بزانێت ـ و بتوانێت ـ بیەوێت) ڕووبەڕووی قەیران ببێتەوە چونکە سیستەم بەرپرسیارە بەرامبەر کۆمەڵگا و هاوڵاتیان.
لێرەدا باس لەچەند قەرانێک دەکەین کە ڕووبەڕووی سیستەمی سیاسی دەبێتەوە:

1- قەیرانی ڕەوایەتی (ازمه الشرعية) :

چەمکی قەیرانی ڕەوایەتی چەمکێکی سیاسیە پەیوەندی بە پشتگیری خەڵك هەیە بۆ سیستەمی سیاسەت تا پشتگیری خەڵك بۆ سیستەمی سیاسی زۆرتر بێت ڕەوایەتی (الشرعية)ی سیستەمی سیاسی بەهێزتر دەبێت ، هەروەها بە پێچەوانەوە. هەر سیستەمێک شەرعیەتی لە خەڵکەوە وەرگرتبێت سەقامگیری بۆ سیستەمەکە دروست دەبێت و وڵات سەقامگیر دەبێت.
پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان (الشرعية)،(المشروعية).
الشرعية (ڕەوایەتی): چەمکێکی سیاسیە پەیوەندی هەیە بە پشتگیری خەڵک بۆ دەسەڵاتی سیاسی.
المشروعية : چەمکێکی یاساییە . کە جوڵە و ڕەفتارەکانی سیستەم ڕێک دەخات.بە جۆرێک کارو کردەوەکانی سیستەمی سیاسی بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی وڵات دەتوانین بڵێین ئەو ڕەفتارانە (مەشروعیە).

2- قەیرانی شوناس (ازمة الهوية):-

شوناس پەیوەندی هەیە بە هەبوونی هەستی لایەنگری (پەیوەستبوون)ی هاوبەش تاکەکان کۆمەڵگایەکی دیاری کراو کە لە سنوری جوگرافی (هەرێمێک)ی دیاری کراودا دەژین و ملکەچن بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی بۆیە ئەرکی سیستەمی سیاسیە کە وابکات هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ئینتیمایان بۆ نیشتیمان و وڵات هەبێت بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایین...هتد.
وە هەروەها دەبێت تایبەتمەندی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت و دەرفەتی یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیان فەراهەم بکات.
بابەتی شوناس پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جۆری بیرکردنەوە و عەقلیەتی تاکەکان وکۆمەڵگا هەیە، کە پێویستە خەڵکی ئینتیما لاوەکیەکان نەخەنە پێش ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی.
هەروەک پەیوەندیشی بە ڕەوایەتی (الشرعية)ی سیستەمی سیاسی و ئەدای کارکردنیەوە هەیە.

3- قەیرانی یەکتری تەواو کردن و ئاوێتەکردن (ازمة الاندماج والتكامل ):

سیستەمی سیاسی دەبێت وا لە تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بکات ئاوێتەی یەکتری ببن بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و چینەکانی کۆمەڵگا دروست ببێت. واتە هەموو چینەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئەخلاقی و نیشتیمانی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو دروست بکرێت. کە بتوانێت بەرامبەر دەستی دەرەکی و لەکاتی هەرەشەدا بەرگری لە خاک و نشتیمانی بکات. لەهەمانکاتدا چینەکانی کۆمەڵگاو پێکهاتە جیاوازەکان تایبەتمەندیان بپارێزێت.

4- قەیرانی بەشداریکردن (ازمة المساهمة)

کاتێک سیستەمی سیاسی (دەسەڵات) شەرعیەتی هەیە بەڵام قۆرغی دەسەڵات کراوە. وە تاک بە شێوە تەندروستیەکەی بژدار نیە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەوکاتە کێشەی بەژداری (الازمة المشاركية) دروست دەبێت بۆیە دەبێت لە ڕوانگەی سیستەمی سیایەوە تاک سەنتەر بێت و بەژداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێ بکرێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا ئەمەش بە دەرفەتی یەکسان دەبێت بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا کە ئازادانە و لەسەر بنەمای توانای لێهاتوویی بێتە کایەوە.

5- قەيرانى بڵاو بوونەوەى خزمەتگوزاريەكان لە سەرتاسەرى وڵاتدا (آزمة التغلغل):
كاتێک سيستەمى سياسى (دەوڵەت) خزمەتگوزاريەک پێشكەش دەكات پێويستە سەرتاپاگيرى بێت و تەواوى كۆمەڵگا سودى لێ ببينێت بە ناوچە جياوازەكانيشەوە . بۆ نمونە نابێت لە سەنتەرى شارەكاندا خزمەتگوزارى زۆر باش هەبێت بەڵام لە دەرەوەى شارەكاندا خزمەتگوزارى زۆر خراپ هەبێت خەڵكى لە دۆخێكى ناهەمواردا بژێت ، بۆيە دەبێت سيستەمى سياسى بە يەک چاو سەيرى وڵات بكات ئەگەر هاتوو سيستەمى سياسى بە شێوەيەكى گونجاوو باش مامەڵەى لەگەڵ سەرتاسەرى وڵاتدا كرد ئەوا پردێكى متمانە لە نێوان خەڵكى ئاسايى و بەرپرسەكان و سيستەمى سياسى دروست دەبێت كە خەڵكى ئينتيمايان بۆ سيستەمى سياسى وڵات زۆر دەبێت ئامادە دەبن بەرگرى لێ بكەن. هەروەک پێويستە دەسەڵاتى سياسى بە هەموو هەرێم و ناوچە جياوازەكانى وڵاتدا بڵاوبێتەوە بتوانێت هەموو هێزى خۆى بەسەر هەموياندا بسەپێنێت.
6- قەيرانى دابەشكردن (ازمة التوزيع):
قەيرانى دابەشكردن دەوەستێتەوە سەر تواناى سيستەمى سياسى لە دابەشكردنى خزمەتگوزاريەكان و مافەكانى بەسەر ڕۆڵەكانى گەل بە شێوەيەک كە سەرتاسەرى كۆمەڵگا بگرێتەوە و ڕەچاوى دادپەروەرى تێدا بكرێت بە ميكانيزم و پلانى دياريكراو كە ببێتە مايەى بەدەست هێنانى ڕەزامەندى خەڵكى.
قەيرانى دابەشكردن پەيوەندى هەيە بە چەمكى دادپەروەريەوە . كە سيستەمى سياسى چۆن دەتوانێت تەرجومەى ئەم چەمكە بكات لەناو كۆمەڵگا بە باشترين شێوە بە جۆرێک دادپەروەرى كۆمەڵگا بچەسپێنێت.